# قۆناغەکان‌و شێوازی فۆرمەکان



**نامیق حەمە**

ئەو هەنگاوانەی لە ناوەندە هونەری‌و ڕۆشنبیرییەکاندا بەرجەستە بوون، یان ئەو هەموو گۆڕان‌و شێوازە جۆراوجۆرانەی دەبێت گۆڕان‌و فۆرمێکی نوێ لەخۆبگرێت، هەرئەوەیش وایکردووە جۆری بیرکردنەوەکان بە ئاراستەیەکی جیاوازدا بڕوات‌و کۆمەڵێک شێوازی نوێ لەخۆبگرێت، چ لە ڕووی پراکتیکییەوە یان ئایدیاو بەپراکتیکردنی شێوازەکان، ئەمەش دەبێت میکانیزمێک لەخۆبگرێت کە سەرەتایەکی جیاوازو ئامادەکارییەکی بۆ بکرێت بۆ فۆرمەلەکردنی فۆرمێکی نوێ، کە کۆمەڵێک دەستەواژەو

ئاماژەیەکی جیاواز بۆ ئەو هەنگاوانەی لەدوای خۆی هەنگاوی تر بەدوایدا سەرچاوە دە گرێت. بەپێی قۆناغەکان شێوازی فۆرمەکان چ وەک جەوهەر یان جۆری جێبەجیکردنی، زادەی سەردەمەکەی خۆی بووە. هەموو جموجولەکان کە دەکران بۆ نەویستنی چەقبەستوی نەگۆڕاوەکان بوون، کە نەدەکرا بەو ئاراستەیە بڕوات عەقلی گۆڕان تێیاندا نەگۆڕێت، یان هەنگاوەکان خۆدەربازکردنێکی بوێرانە بوو لە عەقلی دۆگماو خۆنەبەستنەوە بوو بەو پرنسیپانەی کە گۆڕان تێیاندا سەرچاوە نەگرێت. بەڵام نوخبەکانی سەردەم بەردەوام ویستویانە لەو دۆخەوە بۆ دۆخێکی تر هەولەکانیان فراوانترو لە پانتاییەکی تردا جوانکاری‌و دنیابینی خۆیان بخەنەڕوو لەبەردەم نەوەیەکی نوێ‌و سەرچاوەگرتنی فۆرمێکی نوێ لەگەڵ هاتنی دۆخێکی نوێ بۆ نەوەیەکی نوێ، ئەگەر ئەم جۆرە هەنگاوانە لەنێو نەوەکاندا سەری هەڵنەدابێت، بێشک ئەو کۆمەڵگایە دواکەوتووی ئەو ئەقڵیەتە نەگریسەیە، کە ناتوانێت برەو بە خۆی بداتو جوڵان‌و بزاوتن تێیدا بەرجەستە نابێت

بە ئاراستەی دنیای دەوروپشتی. زەحمەتە ئەگەر تاکەکان هەستی وەیان لا دروست نەبێت چۆن لە دنیابینی خۆیان لە دنیای گۆڕاودا خاڵە هاوبەشەکان کۆیان بکاتەوە بۆ سەرەتایەکی نوێ .وەلی ئەوەمان لاروون بووچۆن لەگۆشەنیگای کەلتورییەوە لەدنیای بڕوانین‌و لەگەڵ هەنگاوە کانی تاکەکانی کۆمەڵدا شێوازی نوێ لەخۆی بگرێت لە ڕووی تازەگەری‌و فۆرمی نوێوە. قۆناغێک دێتە ئاراوە سەرەتای کولتوورێکی نوێ‌و دیدێکی گۆڕاو لەنێو تاکەکاندا سەرهەڵدەدات، لێرەوە سەرچاوەکان یەک لەدوای یەک دەبن‌و باکگراوەندێکی ڕۆشنبیریی دەوڵەمەند بۆ شارستانییەتییەکی نوێ‌و بۆ ڕۆشنبیربوونی چین‌و توێژەکان

بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە دێتەکایەوە. نەوەکان بەردەوام زەرەرمەندی پێش خۆیانن، ئەم حاڵەتە بەردەوام بەدوای یەکدا سەرچاوەی گرتووە، وەک ئەڵقەی زنجیر تەواوکەری یەکتربوون بۆ نەویستن و نەگونجاندنی شێوازە نوێکان بە هەموو

ماناکانییەوە، لە هەموو بوارەکانی تاکەکاندا یان کۆمەڵگا ئامادەکاریی ئەوەی تێدانییە بۆ دەربازبوون لەو قەیران‌و چەقبەستوییە، ئەمە هۆکارێکی نەخوازراوە لە ئێستادا. ئەم حاڵەتە سنیف بکەین بەسەر بەشەکانی ژیانی ئەم کۆمەڵگایە بە شێوازێک لە شێوازەکان ڕەنگی داوەتەوە، بە هەموو چین‌و

توێژەکانییەوە، توێژێک بەردەوام دەیەوێت گۆڕان سەرەتای دەسپێک‌و بونیادی نوێ بێت، ئەمەش تەنها نوخبەکانی بوارە جیاجیاکان دەیانەوێت بەشێوەیەک لە شێوازە جیاوازەکان کۆمەڵگا بە ئاراستەیەکی نوێ‌و دنیابینینێکی تردا ئاشنابکەن، ئەم توێژەش بەردەوام سەرزەنیشت دەکرێت، لێیان وەرنا گیرێت، وەلێ ئەو توێژە دەیەوێت کۆمەڵگا لە قەیرانێک دەربازبکات بەپێی پرەنسیپێک کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ژیانی نوێدا لە گۆڕاندا بێت، ئەم حاڵەتە لەخۆڕادا نایەت بەڵکو پێویسی بە ڕێنمایی‌و چاودێریی توێژێکی نوخبەیە بەپێی ڕێنماپەکانی بەڕۆشنبیربوونی تاکەکان‌و دواتر کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە، کە باکگراوندێکی پتەوو تۆکمەی لێ دەکەوێتەوە.

پێموایە چەند ڕێنماییە تەندروستییەکان بەپێی وەرزەکان ڕێنمایی دەکرێن بۆ خۆ قوتارکردن لە پەتاکانی سەردەم‌و نەخۆشییە کتوپڕەکان، ئاواش دەبێت ڕێنماییە ڕۆشنبیرییەکان ئەرکی ناوەندە ڕۆشنبیرو هونەرییەکان بێت یان بە مانایەکی تر هەموو ناوەندەکانی ژیان بگرێتەوە بۆ ڕۆشنبیری گشتیی ببێتە ئەرکێکی هەنوکەیی‌و کاری جدیی لەسەر بکرێت، لێرەوە فراوانیی بینین‌و پرۆسە یەک لەدوای یەک سەرچاوە دە گرێت بۆ ئاراستەیەکی نوێ.



# جاکی براون: تۆمارێکی سەرنجراکێش

**خوێندنەوەی : هەوار شەریف**

نواندن: روبیەت دی نیرۆ- بام عزیر- روبیرت فوستر- سامویل لی جاکسون- مایکل کیتون- بریدجیت فوندا

سیناریۆو دەرهێنان: کوینتین تارانتینو لە چیرۆکی لایلمور لیونارد وەر گیراوە.

بەرهەم: گویلیرمونافارو

مۆسیقا: مارک ئیشام

جلوبەرگ: ماری کلیرهان

کۆمپانیای بڵاوکەرەوە: میراماکس

ماوە: ١٥٠ دەقیقە

(جاکی براون) شاکارێکی سینەماییە، وەرگر لە مەودایەکی ڕۆشنبیری بابەتییانە ئامادە دەکات‌و لە دەوری ئەو کارەکتەرانەی بەرجەستەی دەکات وێنەیەکی بە ئازار دەردەخات. وێنەیەکی دەروونی سامناکە لەنێو ئەو کارەکتەرانە.

لە ساڵی ١٩٩٢ تارانتینۆی دەرهێنەر یەکەمین فیلمی ریوائی درێژی بەناوی (Reservoir dogs ) پێشکەش کرد کە بە توندوتیژی‌و بوێریی‌و توند بەرجەستەکردنی ناسرابوو، بەشێوازێکی تۆماری سەرنجراکێش ژیانی پیاوانی باندەکان‌و کارە قێزەونییەکانیان بەدەردەخات، دواتر فیلمی (Pulp fiction) کە توانی لە ساڵی ١٩٩٤ خەڵاتی چڵە خورمای ئاڵتونی وەربگرێت، هەر دەربارەی ئەو توندوتیژی‌و ئاڵۆزییانەی مرۆی ئەمڕۆیە، شتگەلێکن پەیوەستن بە سەرەتاو چەرخەوە.

تۆرینتۆی دەرهێنەری تەمەن ٣٧ ساڵ، پێشتر وەک نووسەری سیناریۆ لە (دڵدارییەکی ڕاستەقینەی) تونی سکۆت‌و (بە خۆرشک بکوژن)ی ئۆلیڤەر ستون وەک ئەکتەر لە فیلمی (چوارژور)و (لە خۆرئاوا بۆ خۆرهەڵات) دەچێتە نێو قوتابخانەی توندوتیژی‌و خوێناوی هاوچەرخ کە لە ڕێی دیمەنە سەرنجراکێش‌و تەکنیکەکان‌و مونتاژەوە ناسراوەو ڕوانینێکی ڕەشبینانە بۆ واقیعی ئەمریکی لە ڕێی سێ چیرۆکەوە ئەو وێنانەمان بۆ بەدەردەخات، بە کارەکتەری سەیرو سەرسوڕهێنەر لەنێو واقیعێکی خوێناوی‌و توندوتیژدا.

لە فیلمی (جاکی براون) تۆرینتۆ کاری لەگەڵ ئەکتەرگەلێکی گەورەدا کردووە لەنێویاندا بام گریر- ئەستێرەی زنجییەو دەوری کارمەندی فرۆکەوانی دەبینێت، ڕۆبرت دی نیرۆ لە نەوەی ئەستیرە لاوەکانی سەرەتای حەفتاکان، سامۆئیل لی جاکسون یەکێک لە دیارترین ئەکتەرە زنجییەکان.

تارانتینو لە (جاکی براون) دەربارەی قاچاخچییەکی چەک ئۆردیل روبی دەدوێت کە بە هاوکاری کارمەندی فرۆکەوانی (گریر) کە لە کۆمپانیایەکی فرۆکەوانی پلە سێدا کاردەکات، برە پارەیەک وەردەگرێت بۆ هێنانی پارەی دۆلار لە مەکسیک بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان، ئەوەندە تێناپەڕێت لەلایەن پۆلیسەوە ئەو پلانە ئاشکرا دەبێت‌و ڕێککەوتنی لەگەڵدا دەکرێت کە لەبری زیندانی کردنی بۆ ماوەی ٥ ساڵ کە بەسە بۆ وێرانکردنی ژیانی‌و دواتر سەرۆکی باند بەو بارە دەزانێت کە ئاشکرا دەیەوێت لە زووترین دەرفەت لەناوی ببات، لە بەرامبەر ئەو ڕووداوەدا جاکیش پلانێکی زیرەکانە دادەڕێژێت‌و سەرکەوتوو دەبێت.

لە جاکی براون-دا کارەکتەرەکان پێکەوە گرێدراون هەریەک خاوەن یادەوەری‌و لێکدانەوە دەروونییەکان‌و گرێکانیانە، پەیوەندی خۆشەویستی‌و ڕق‌و گومان تایبەتمەندی ئەو کارەکتەرانەن‌و ڕەنگدانەوەی واقیعێکی تاڵن.